# قەتەر وەك وێستگەیەكی بازرگانی و هاوردەكارێكی گەورەی كەنداو گەشە دەكات

FOCUS

## پێویستی بە سەقامگیری و پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێكانی هەیە

هەروەك بۆ هەموو لایەك ئاشكرایە پەیوەندییەكانی نێوان قەتەرو سعودیەو هاوپەیمانەكانی ڕیاز پچڕاوە و لە ئێستادا قەتەر تووشی چەندین كێشە بوەتەوە، كە گەورەترین كێشەی دەوحە لە ئێستادا كێشەی ئابورییە، چ لە بواری هەناردەكردن و چ بواری هاوردەكردن. وڵاتی قەتەر یەكێكە لە گەورەترین هەناردەكردنەكانی گازو بەرهەمە پترۆكیمیاییەكان و هیچكام لەو وڵاتە عەرەبییانەی كە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ قەتەر پچڕاندووە خوازیارو كڕیاری گازو بەرهەمە پترۆكیمیاییەكان نین. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبكرێت و باسی لێوە

بکرێت ئەوەیە کە لەبری ئەوەی ئەو وڵاتانە پێویستیان بە قەتەر هەبێت ئەوە قەتەرە کە پێویستی بەوان هەیەو چاوی لە کاڵاو شتومەکی بەرهەمهێنراوی ئەوانە، هەڵبەت دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە یەمەن و لیبیا هیچ پشکێکیان لە بازرگانی لەگەڵ قەتەردا نییە، بەڵام گەورەترین پشک بەر ئیمارات و سعودیە دەکەوێت.

ئێران هەناردەکردنی کـاڵای خۆی بۆ قەتەر چ لە ڕێگەی ئاسمانی و چ لەڕێگەی دەریاییەوە دەستپێکردووە و تورکیاش بۆ ئەوەی لەو قافڵەیە دوور نەکەوێتەوە دەستیکردووە بە هەناردەکردنی کاڵای خۆی بۆ بازاڕەکانی قەتەر. ئێستا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئەگەر ئاستی داواکارییەکان لە قەتەر وەك خۆی بمێنێت یان زیاتر بکات ئەو کات چۆن دەتوانێت کاڵا و شتومەك دابین بکات لە کاتێکدا سعودیە، ئیمارات، میسر، عومان و وڵاتی عەرەبی سنوری دەریایی و ئاسمانی و زەمینی خۆیان بە ڕووی قەتەر داخستووە و ئەو وڵاتە چۆن و بە چ شێوەیەك پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵك بە تایبەتی لە خۆراك و پۆشاك دابین بکات؟

## قەتەر لە کوێوە کاڵا هاوردە دەکات؟

بەپێی زانیارییەکان قەتەر تەنها لە یەك وڵاتی دیاریکراوەوە کاڵا ناکرێت و هاوردەی ناکات ئەو لە زۆربەی وڵات شتومەك و کاڵا دەکرێت و دەتوانین بڵێن قەتەر لە ڕاستیدا وابەستە نییە بە وڵاتێکی دیاریکراو.

بەپێی ئامارەکانی حکومەتی قەتەر لە ساڵی 2015 دا تورکیا یەکەمین وڵات بوو کە بە بڕی 524 ملیۆن دۆلار کاڵای ڕەوانەی قەتەر کردووە کە تەنها 36 ملیۆن دۆلار بۆ ماددەی خۆراکی و پۆشاکی بووە، باقی بۆ کەرەستەی ئۆتۆمبێل و تەکنۆلۆجیا و کەلوپەلی ناوماڵ و شتی تر بووە. بەم شێوەیەك لە پلەی ڕیزبەندیدا تورکیا بە یەکەم وڵات دێت و ئێرانیش بە کەمترین بڕ 104 ملیۆن دۆلار کە تەنها 9 ملیۆن دۆلاری مادەی خۆراکی بـووە و دوایین وڵاتـە لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کە کاڵا

بەرپرسانی قەتەری باس لەوە دەکەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەوان سیاسەتێکی سەربەخۆیەو هەرچی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێمەوە هەبێت پەیوەندی بە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی قەتەریشەوە هەیە، ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆیانە بڕیار دەدەین و سەربەخۆیانە بیر دەکەینەوە

هەناردەی قەتەر دەکەن. هەڵبەت ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەمەیە کە سعودیە و ئیمارات و میسرو عومان جگە لە بەرهەمە نەوتییەکان و گاز کاڵایەکی ئەوتۆیان نییە کە لە بازاڕەکانی قەتەردا بیفرۆشن، هەربۆیە پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانەکانی ڕیاز تەنها هەر بە زەرەری قەتەر نییە، بەڵکو بە زیانی سعودیە و هاوپەیمانەکانە ڕیازە. هەندێك لە چاودێران پێیانوایە بۆ دابینکردنی کاڵاکان قەتەر ناچارە پەنا بۆ ئێران و تورکیا ببات هەر وەك چۆن لە پێشتریشدا بازاڕەکانی قەتەر کاڵا و شت و مەکی ئێرانی و تورکی تێدا هەبووە.

ناڵەباری کەشوهەوای قەتەر وایکردووە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەو وڵاتـەدا لە ئاستی پێویستدا نەبێت و قەتەر ناچار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پەنا بۆ وڵاتانی بیانی ببات. بەپێی دوایین زانیارییەکان قەتەر لەساڵی 2016 دا بڕی 3 ملیار دۆلار

مادەی خۆراکی هاوردەی وڵات کردووە کە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئەو ئامارە زۆرە، چونکە قەتەر بەپێی دوایین سەرژمێرییەکان لەئێستادا زیاتر لە 2 ملیۆن و نیوە. قەتەر لەم ساڵانەی دواییدا بۆ هاوردەکردنی کاڵا زیاتر تەرکیزی لەسەر مەوادی بیناسازی و کەرەستەی ئۆتۆمبێل و کەرەستەی تەکنۆلۆژی بووە. عەرەبستان یەکەمین وڵاتە کە هەموو پێداویستییەکانی قەتەر لە بواری بیناسازی دابین دەکات، هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە یەك لەسەرسێی کاڵا خۆراکییەکانی قەتەر لە سعودیەوە دابین دەکرێت کە بڕەکەی 864 ملیۆن دۆلارە ولە دوای سعودیەوە وڵاتی ئیمارات دێت کە ئەویش بە سەدان ملیۆن دۆلاری پێداویستی قەتەر دابین دەکات.

بەپێی زانیارییەکان سعودیە لە ساڵی 2015 دا بڕی 22 ملیار دۆلار مادەی خۆراکی هاوردە کردووە و ئیمارات بڕی 16 ملیار و ئێران بڕی 11 ملیار دۆلار کاڵای خۆراکییان لە دەرەوە هاوردە کردووە ئەم سێ وڵاتە بەشێك لە کاڵاکانیان لەناو بازارەکانی قەتەردا جارێکی تر فرۆشتۆتەوە و سوودێکی باشیان دەستکەوتووە. هەناردەکردنی دووبارەی ئەو کاڵایانە لەلایەن ئێران و سعودیە و قەتەر توانیویەتی پێداویستییەکانی قەتەر دابین بکات بە دوو هۆ، یەکەم لە باری هەرزان بوونی کاڵاکانەوە و دووەم لەبارەی زۆربوونی ئاستی کاڵاکانەوە.

## ئێران یەکەمین وڵات بوو کاڵای بۆ قەتەر نارد

دوای پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانەکانی و نەمانی کاڵاو خۆراك لەناو بازاڕەکانی قەتەر، کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی ئێران ڕایگەیاند کە بڕی 450 تۆن مادەی خۆراکی و میوە و سەوزە لەلایەن پێنج فڕۆکەی بارهەڵگری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕەوانەی دەوحە کردووە و ئێران هەتا چارەسەرکردنی قەیرانەکە و تا ئەو کاتەی کە پێویستی بە کۆمەك و یارمەتی هەبێت، سورە لەسەر هەناردەکردنی ماددەی خۆراکی و میوە و سەوزە بۆی.

لەلایەکی ترەوە دووبارە ئێران سێ کەشتی بارهەڵگری کە هەرکامیان بڕی 350 تۆن خۆراك و میوە و سەوزەی هەڵگرتبووە لە بەندەرەکانی قەتەر لەنگەریان لێخستووە و ئامادەیی خۆشیان دەربڕیوە کە لەسەرناردنی کۆمەکەکان بەردەوام دەبن. تا ئێستا لە ڕێگەی دەریاییەوە ئێران بڕی 1050 تۆن مادەی خۆراکی بۆ قەتەر ناردووە. هاوکات لەگەڵ ئێران تورکیاش دەستی بە ڕەوانەکردنی کۆمەکەکانی خۆی کردووە و تا ئێستا چەندین تۆن ماددەی خۆراکی و سەوزە و میوەی ڕەوانەی دەوحە کراوە.

## ئیمارات بڕیارێکی قورس دەدات

ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ڕایگەیاندووە هەر کەسێك لە وڵاتەکەی هاوسۆزی لەگەڵ قەتەر دەرببڕێت بە توندترین شێوە سزا دەدرێت. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی (گۆڵف نیوز)ی ئیماراتی حەمەد سەیف ئەلشەمسی داواکاری گشتی ئیمارات ڕایگەیاندووە هەر هاوڵاتییەکی ئیماراتی بە هەر شێوەیەك چ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چ لە ڕێگەی نوسینەوە هاوسۆزی و هاوخەمی لەگەڵ قەتەرو هاوڵاتیانی قەتەر دەرببڕێت یان بەرگری لە هەڵویستی قەتەر یان ڕەخنە لە هەنگاوی ئیمارات بگرێت یان لە دژی ئیمارات و بە قازانجی قەتەر قسە بکات، بە توندترین شێوە سزا دەدرێت.

ئەلشەمسی باسی لەوەش کردووە هەرکەسێك سەرپێچی لەو بڕیارە بکات لە سێ بۆ 15 ساڵ سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت و بڕی 500 هەزار درهەمی ئیماراتی واتە 130 هەزار دۆلاری ئەمەریکی غەرامە دەکرێت.

## قەتەر ڕێگەچارەیەك دەدۆزێتەوە

ماوەیەك بەسەر قەیرانی قەتەر تێپەڕ بووە، بەرپرسانی قەتەری ڕایانگەیاندووە کە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی وڵاتەکەیانی تێکەوتووە ڕێگەچارەیان دۆزیوەتەوە و لەگەڵ وڵاتی عوممان ڕێکەوتوون، کە لە ڕێگەی ئەو وڵاتەوە پێداویستییەکانی خۆی دابین بکرێت. بەرپرسانی قەتەری لایان وایە کە ئەو گەمارۆیانەی خراونەتە سەر وڵاتەکەیان نایاسایی

## بیۆگرافیای میری قەتەر (تەمیم بن حەمەد ئال سانی)



| | |
|---|---|
| ناوی تەواوی | شێخ تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال سانی |
| ساڵی لەدایکبوون | ساڵی 1980 |
| شوێنی لەدایکبوون | دەوحە |
| بوونی بە شازادەی جێنشین | ساڵی 2003 |
| گرتنەدەستی دەسەڵات | ساڵی 2013 |
| ڕیزبەندی بنەماڵەیی | کوڕی دووەکی شێخ حەمەد |
| ئاستی خوێندن | کۆلێژی شێربۆرن (بەریتانیا) |
| | ئاکادیمیای سەربازی ساند هێرست (بەریتانیا) |
| ئاستی زمان | زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە باشی دەزانێت |
| دانانی جێنشین | ساڵی 2014 زڕبراکەی بە ناوی عەبدوڵڵا بن حەمەد ئال سانی کرد بە شازادەی جێنشین |
| باری خێزانی | سێ ژنی هێناوەو خاوەنی (9) منداڵە |

و نادادوەرانەیەو قەتەر ناچارە بۆ ڕزگاربوون لە دۆخەی کە تێکەوتووە پشت بە وڵاتێکی تر ببەستێت کە ئەویش عومانە و ڕێککەوتوون کە لە ڕێگەی بەندەرەکانی عومانەوە ماددەی خۆراکی و سەوزەو میوە هاوردەی وڵات بکات.

قەتەر هەموو ئەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵی ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێن ئەو تۆمەتانە نایاسایی و نادادوەرانەیە و ئێمە مافی خۆمانە لە خۆمان بەرگری بکەین و وەڵامی ئەوان بدەینەوە. بەرپرسانی قەتەری باس لەوە دەکەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئـەوان سیاسەتێکی سەربەخۆیەو هەرچی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێمەوە هەبێت پەیوەندی بە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی قەتەریشەوە هەیە، ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆیانە بڕیار دەدەین و سەربەخۆیانە بیر دەکەینەوە و سیاسەتی دەرەوەی ئێمە لەسەر بنەمای شرۆڤە و لێکدانەوەی و خوێندنەوەی ئێمە دادەڕژێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت، سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆییش، ڕێگە بە کەس نادەین لەبری ئێمە بڕیار بدات و ئەوە خۆمانین کە لەسەر خۆمان بڕیار دەدەین و هەنگاو دەنێین.

### سعودیە: دەرگای حەج بۆ قەتەر کراوەیە

لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەیرانی کەنداو بەرەو خراپی و ناڵەباری دەڕوات و ئیمارات و سعودیە پەیرەوکردنی سەخترین سزایان لەبەرچاو گرتووە لە بەرامبەر قەتەر، بەڵام هاوکات بەرپرسانی کاروباری ئایینی لە سعودیە ڕایگەیاندووە هاوڵاتیانی قەتەر بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج دەتوانن

سەردانی سعودیە بکەن و لە مەراسیمی حەجدا بەشداری بکەن. لەلایەکی ترەوە قەتەرو سعودیەو ئیماراتی عەرەبی رێگری لەو هاوڵاتیانە ناکەن کە پرۆسەی هاوسەرگیرییان لەگەڵ هاوڵاتیانی سعودی و قەتەری و ئیماراتی ئەنجامداوە.

## قەتەر وەك خانەخوێ دەمێنێتەوە

یارییەکانی مۆندیالی 2022 لە قەتەر بەڕێوە دەچێت و دۆخی نالەباری کەنداو وایکردووە گومان لەسەر ئەو یاریانە دروست ببێت بە شێوەیەك کە هەندێك پێیانوابوو لەوانەیە مافی میواندارێتی لە قەتەر بسەنرێتەوە، بەڵام هەموو ئەو گومانانە ڕەوییەوە و فیفا ڕایگەیاند یارییەکانی لە کاتی خۆیداو لە هەمان وڵات بەڕێوە دەچێت. بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی جیهان (فیفا) ڕایانگەیاندووە کە میوانداری قەتەر بۆ مۆندیالی 2022 وەك خۆی دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت و هیواشیان خواستووە کە قەیرانی کەنداو بە رێگەی گفتوگۆ چارەسەر بکرێت.

## ئەڵمانیا داوا لە ئێران دەکات پەلە نەکات

وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بە قەیرانی کەنداو و کێشەکانی نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانەکانی داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد دان بە خۆیدا بگرێت و کارێك نەکات کە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە زیاتر بێت. مارتین شافەر، وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو پێیانوایە کە ئێران لەپشت قەیرانەکەی کەنداوە و ئێران ناوچەکەی هەستیار کردووە هەربۆیە داوای لە تاران کرد کە هیچ هەنگاوێك نەنێت بۆ ئـەوەی بەنزین بە ئاگردا نەکرێت و ناوچەکە لەوە زیاتر قەیراناوی تر نەبێت، ئەمەش لە ئێستادا گەورەترین پێویستی ناوچەکەیە. هاوکات زیگمار گابرێل وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە کۆبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ شێخ محەمەد عەبدولڕەحمان ئال سانی وەزیری دەرەوەی قەتەر داوای کرد قەیرانی کەنداو لە رێگەی دانوستان و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت.

زیگمار وتیشی: بە باوەڕی ئێمە لەئێستادا زمانی دیپلۆماسی باشترین زمانە و ئێمە دەبێت پێکەوە گفتوگۆ بکەین و ئەڵمانیا ئامادەیە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی رێگەچارەیەك بۆ دۆزینەوەی قەیرانی کەنداو بدۆزینەوە و کارێك بکرێت کە گەمارۆ لەسەر قەتەر هەڵبگیردرێت و لەبەرامبەریشدا قەتەر ڕایگەیاند: دەوحە بە هیچ شێوەیەك و لەژێر هیچ گوشارێکدا دەست لە سیاسەتی دەرەوەکی خۆی هەڵناگرێت. وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش نیگەرانی خۆی لەو دۆخە دەربڕی و ڕایگەیاند تاران خوازیاری کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانە.

## قەتەرو بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران

ساڵانێکی زۆر قەیرانی ئەتۆمی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ناوچەکەی تووشی هەستیارێکی سەیر کردبووە، هەمیشە لە نێوان ئێران و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و ئەنجومەنی ئاسایش و هەروەها وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران کێشە و ململانێ و مقۆمقۆ هەبوو و بەپێی بەڵگەکان هەمیشە سعودیە لەگەڵ ئەوەدا کە بە توندترین شێوە ئێران سزا بدرێت و تەنانەت خوازیاری ئەوەش بووە کە هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەوەی لێرەدا سەیر بوو هەڵوێستی قەتەر بوو لەبەرامبەر ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی تـاران، لەکاتی نووسینەوەی ڕەشنووس و دەرکردنی بڕیار لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە لە دژی تاران قەتەر دەنگی نەخێری بەو بڕیارە دا و ئەمەش لای ئەندامانی ئەنجومەن و وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی کەنداو جێی سەرسوڕمان و شتێکی سەیر بوو. بەرپرسانی ئێرانیش ئەو هەڵوێستەیان بۆ باشبوونی پەیوەندی پتەوی نێوان دەوحە و تاران دەگەڕاندەوە.

## ئێران و قەتەر لە ڕێکخراوی ئۆپیك دا

قەتەرو ئێران دوو وڵاتی گەورەی ڕێکخراوی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێك)ن، پەیوەندی ئەو دوو ئەندامی پۆپیك هەمیشە

گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی دوو وڵات لەناوچەکەدا، زۆر جار سعودیە بۆ ئەوەی کە جێ بە ئێران لەو ڕێکخراوەیەدا لێژ بکات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بەرز دەکردەوە و ئەمەش دەبووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و هەناردەکردنی نەوتێکی زۆر بۆ ناو بازاڕەکانی جیهان و ئەمەش بۆ ئێران بە زیان دەشکایەوە، بەڵام هەرگیز قەتەر کەڵکی لەو جۆرە سیاسەتانەی سعودیە لە دژی ئێران وەرنەدەگرت، بەڵکو بە پێچەوانەوە قەتەر لە زۆربەی کۆبوونەوە ناوچەییەکان لە بارەی نەوت و گاز زۆرجار پشتگیری لە ئێران کردووە.

## قەتەر گەورەترین زیان لە بازرگانی سعودیە دەدات

گەمارۆدانی ئابووری قەتەر لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانەکانی دەرفەتی لە سعودیە کردووە بە هەڕەشەو وهەلێکی باشی بۆ بازاری ئێرانی و بۆ بازرگانی ئێرانی فەراهەم کردووە و ئاسمانی ئێران و بەندەرکانی ئێران لەئێستادا گوڕوتینێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بە شێوەیەك 20% گەشتە ئاسمانییەکانی ئێران زیادی کردووە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لەئێستادا بازاڕی کاڵای ئێرانی لە قەتەر جمەی دێت و سعودیەش زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە. بەرلەوەی قەیرانی کەنداو پەیوەندییەکانی قەتەرو سعودیەو هاوپەیمانەکانی بپچڕێت ڕۆژانە نزیکەی 800 لۆری گەورە کاڵایان لە سعودیە بۆ قەتەر بار دەکردو بە هەزاران کەس لەو ڕێگەوە کەسابەتیان دەکردو نان و بژێوی ژیانیان دابین دەکرد و هەڵی کار بۆ خەڵکی ڕەخسا بوو، بەڵام لە ئێستا هەموو ئەوانە بەهۆی داخستنی سنووری زەمینی و دەریایی و ئاسمانی بێکار ماونەتەوە و پیشە و داهاتی خۆیان لەدەستداوە، لەئێستادا ئێران دەیەوێت بە هەر شێوەیەك بێت بازاڕی قەتەر بخاتەژێر ڕکێفی خۆی و هەموو پێداویستییەکانی ئەو وڵاتە دابین بکات هەر وەك بەرپرسانی ئێران پێشتر ڕایانگەیاند بوو لە ماوەی 12 کاتژمێردا هەموو خۆراك و میوە و سەوزە و پێداویستی هاووڵاتیانی قەتەری دابین دەکەین. ئێران 250 کیلۆمەتر سنوری دەریایی لەگەڵ قەتەر هەیەو ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی خۆراك و نەبوونی ماددەی خۆراکی لەو وڵاتەدا( لەشاری الرویس هەتا بەندەر دێر لە پارێزگای بوشەهر185 کیلۆمەترە)

محەمەد لاهوتی، سەرۆکی فیدراسیۆنی هەناردەکردنی ئێران پێیوایە ئەو دۆخەی کە بۆ قەتەر هاتۆتە پێشەوە بە هەلێکی زێڕین و بێوێنە بۆ ئابوری ئێران دەزانێت و دەشڵێت: بازارێکی 4 بۆ 5 ملیار دۆلاری قەتەر لەبەر دەستی ئێراندایەو دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم دۆخە بۆ هەمیشە نییەو دەبێت زۆرترین سوودی لێ ببینین و کەڵکی لێوەربگرین، چونکە لە ماوەیەکی کورتدا قازانجی بۆ ئێمە دەبێت و لەدرێژخایەندا قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نابێت هەر بۆیە دەبێت لەوبارەیەوە هەنگاو بنێن و لە دەتوانین لەماوەی 12 کاتژمێردا لە سێ بەندەری بەندەر عەباس، بەندەر لەنگەو بەندەر بوشەهر کالاو خۆراك و سەوزە و میوە بۆ قەتەر بنێرین.

## سعودیە (7) ملیار دۆلار لەدەستدەدات

کێشەکانی قەتەرو سعودیە وایکردووە کە ئەگەر کێشەکان بەردەوام بێت و گەمارۆدانی قەتەر لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانەکانی درێژە بکێشێن ئەوە سعودیە ساڵانە نزیکەی (7) ملیار دۆلار داهاتی خۆی لە بازرگانی کردن لەگەڵ قەتەر لەدەست دەدات.

## سەرچاوەکان:

ئیسنا، ئیرنا، ئەلعەرەبیەی فارسی، یۆرۆ نیوز، ڕادیۆ فەردا، ئاژانسی میهر